# ئەو کەسە کە گوتی ئەرێ

# و

# ئەو کەسە کە گوتی نە

بێرتولێت برێشت

**کەسەکانی شانۆ**

مامۆستا

منداڵ

دایک

سێ خوێندکار

بێژەر

## ئەو کەسە کە گوتی ئەرێ

**پەردەی یەکەم**

**بێژەر** لە پێشدا دەبێ شێوەی هاورێیەتی بزانرێ
شێوەی یاری و رێگای هاودەنگی فێربوون
زۆرن لەم خەڵکە ئەرێ بێژە،
کە دڵیان بەتەمای رێگایەکی دیکەیە
زۆرن ئەو کەسانەی کە بە هیچ ناژمێردرێن
زۆرن ئەوانەی کە لە جێگایەک هاورێن،
کە نە جێ هاورێەتییە و نە هاودەنگی
هەر بۆیە،
لەپێشدا دەبێ شێوەی هاورێیەتی بزانرێ.

*مامۆستا لە ژووری یەکەمدایە و دایک و منداڵ لە ژووری دووەمدا.*

**مامۆستا** من مامۆستام. مەکتەبەکەم لەشارە. خوێندکارێکم هەیە کە بابی مردووە و جگە لە دایکی هیچ پشت و پەنایەکی لەم دونیادا نییە. بۆ دیتنی ئەوان هاتووم. هاتووم کە ماڵ ئاواییان لێی بکەم چوونکە دەبێ

هەرچی زووترە بەرەو کوێستان بڕۆم. شارەکەمان تووشی پەتایەک بووە و لە شارێکی ئەودیوی کێوەکاندا چەند دوکتوری گەورەو بڵند پایە هەن. (دەرکە لێدەدا) ئیزنم هەیە؟

**منداڵ** کیە؟ ئەها! مامۆستا بۆ دیتنمان هاتووە.

**مامۆستا** بۆ ماوەیێکە نایتە مەکتەب.

**منداڵ** نەمدەتوانی بێم. دایکم نەخۆشە.

**مامۆستا** نەمزانی بوو دایکت نەخۆشە. بڕۆ پێی بڵێ من هاتووم.

**منداڵ** (بە دەنگی بەرز روو لە ژووری دووهەم) دایە، مامۆستا هاتووە.

**دایک** (لە ژووری دووەمدایە) بڵێ فەرموو بابێتە ژووری.

**منداڵ** تکایە، فەرموونە ژووری.

*هەردووکیان دەچنە ژووری دووەمەوە*

**مامۆستا** ماوەیێکە نەمتوانیوە بێم سەرتان بدەم. کورەکەتان گوتی کە تووشی پەتاکە بوون. هیچ باشتر نەبووی؟

**دایک** بەداخەوە حاڵم باش نییە. خۆ هێشتا کەس دەرمانی ئەم پەتایە نەدیتوەتەوە.

**مامۆستا** دەبێ دەرمانێکی بۆ بدۆزرێتەوە. راستی بۆ ئەوەی هاتووم کە ماڵ ئاوایتان لێ بکەم، سبەێ بەیانی بەدووی دەرماندا بەرەو کوێستان دەچم. دەزانی شاری ئەودیو کێوەکان دوکتوری گەورەی لێیە.

**دایک** قافڵەیەک، بە دوی دەرماندا، بە نێو کێوەکاندا! بەراست. منیش بیستوومە کە لەو شارەدا دوکتوری گەورە هەیە؛ بەڵام ئەوەشم گوێ لێ بووە کە ئەم سەفەر زۆر پرمەترسییە. راستی، راتان لێیە کوڕەکەی منیش لەگەڵ خۆتان ببەن؟

**مامۆستا** لەم جۆرە سەفەرانەدا کەس منداڵ لەگەڵ خۆی نابا.

**دایک** باشە، هیوادارم کارەکان بەباشی بروا.

**مامۆستا** ئیتر من دەبێ بڕۆم. ماڵ ئاوا.

*دەچێتە ژوورەکەی دیکەوە.*

**منداڵ** بەدووی مامۆستادا هاتوەتە ژووری یەکەم) دەمەویست شتێک بڵێم.

دایک لەپشت دەرکەوە گوێ دەدا

**مامۆستا** بڵێ. چییە؟

**منداڵ** دەمەوێ لەگەڵتان بێم بۆ کوێستان.

**مامۆستا** هەر ئێستا بە دایکتم گوت کە ئەم سەفەر دژوار و مەترسیدارە. تۆ پێت ناکرێ بەپێ ئێمە بیی. ئەمەش هیچ، دایکە نەخۆشەکەت چۆن بەجێ دێڵی؟ نە! لێرە بمێنەوە. هاتنت ئەستەمە.

**منداڵ** چوونکە دایکم نەخۆشە دەمەوێ لەگەڵتان بێم. لەبەر ئەو. دەمەوێ بێم دوکتورەکەی ئەوبەر کێوەکان ببینم، رەنگە دواودەمانێک پەیدا بێت.

**مامۆستا** دەبێ دیسان لەگەڵ دایکت قسە بکەم.

*دەرواتە ژووری دووەم. منداڵەکە لە پشت دەرکەوە گوێ دەدا.*

**مامۆستا** من گەڕامەوە بڵێم، کوڕەکەتان دەیەوێ لەگەڵ ئێمە بێت. پێم گوت ناکرێ ئەتۆ بەم حاڵەوە بەجێ بهێڵێ. بەتایبەت سەفەرکە دژوار و مەترسیدارە. پێیم گوت هاتنت ئەستەمە. بەڵام دەڵێ "دەبێ بێم" لەبەر تۆ دێ بەڵکوو لەودیوی کێوەکانەوە دوایەکت بۆ پەیدا بکا.

**دایک** قسەکانیم گوێ لێ بوو. کاتێک دەڵی دەیەوێ لەم سەفەرە مەترسیدارەدا لەگەڵ ئێوە بێت، بەڕاتییەتی.

*منداڵ دێتە ژووری دووەمەوە*

**دایک** لە رۆژێکەوە کە بابت ئەم دنیای بەجێ هێشت
من جگە لەتۆ کەسم نییە،
هەموو کاتێک بیرم لەلای تۆە
قەت چاوم لێ هەڵ نەبڕیوی
تەنانەت ئەو کاتەی کە نەکراوە.
ئەو کاتەی کە دەبووا نانێکت بۆ پەیدا کەم.
جلەکانت بشۆم؛
ژیانت بەڕێوە ببەم.

**منداڵ** راستە دایە. بەسەر هەموو ئەمانەشدا، هیچ شتێک من لە بڕیارەکەم پاشەگەز ناکاتەوە

منداڵ و دایک گۆرانی دەچڕن

دەڕۆم (دەڕوا) بەڕێگایێکی پڕ لە مەترسی و سەیر (ئیشارە بەدایک) لەبەر تۆ (دایک دەڵێ) لەبەرمن (مامۆستا )لەبەر ئەو
بەرەو شارێک، لەولای کێوە بەرزەوە.
بەدووی دەرمان و دەستورێکدا

**بێژەر** هەردووکیان دیتیان کە بە هەر هۆیەک بوو
منداڵ هەر ئەوە بوو کە بوو
تاوێک لە رای خۆی نەگەڕاوە.
کەوابوو مامۆستا و دایک هاودەنگ گوتیان

*مامۆستاو دایک دەچڕن*

زۆرن ئەوانەی کە بە بێ زانین و هەڵسەنگاندن
بەبێ هۆ لەگەڵن.
بەڵام ئەم منداڵە چکۆلە
دەرمانی دەردی بە خەفەت نەکرد

هاوڕێ دەرد نەبوو

لەگەڵ دەواپەیجوران هاوڕێ بوو

**بێژەر** هێشتاش دایک ئاوای پێ دەڵێ:

**دایک** (دەچڕێ) گەرچی هێزێکم لەبەر نەماوە

بەڵام،

ئەگەر هەر دەتەوێ بڕۆی

وەڕێ کەوە، بیری لێی مەکەوە.

بڕۆ، بەڵام بگەڕێوە.

زوو وەرەوە، دایکت چاوی لە دەرکەیە.

###

## پەرەی دوەم

**بێژەر** هەموو پیاوەکان بە لێبڕاوییەوە ڕێگای سەفەریان گرتە بەر.

بە ڕێگای لووتکەی کێودا

لەنێویاندا مامۆستا و منداڵەکەی ئێمەش

بەڵام منداڵەکە ڕەنجی سەفەری پێوە دیار بوو.

چاوە خەمگینەکانی دەیگوت:

دەبێ زوو بگەڕییەوە.

بەیانی زوو لە داوێنی کوێستانەکاندا

پا ماندووەکانی چیتر لە دووی نەڕۆی.

*مامۆستا و سێ خوێندکار و بەدوویاندا منداڵەکە کە جامێکی بەدەستەوەیە*

*دێنە سەر شانۆ.*

**مامۆستا** سەربەرەوژوورێکی توند بوو. یەکەم داڵدە لەوێ دەبینن؟ لەوێ تاوێک دەوەستین.

**خوێندکارەکان** ئەگەر پێویست بێ.

*سێ کەسی لە بە سەر سەکۆیەک دەکەون کە لەسەر شانۆکە سازکراوە. منداڵ مامۆستا*

*رادەگرێ.*

**منداڵ** دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم.

**مامۆستا** چ بووە؟

**منداڵ** حاڵم باش نییە.

**مامۆستا** بێدەنگ! کەسێک کە بۆ ئەم جۆرە سەفەرانە دێ نابێ لەم قسانە بکا. بە سەربەرەوژووری رانەهاتووی ڕەنگە نەفەس تەنگ بووبێ. تاوێک لێرە دانیشە هەتا پشوت وەبەر بێتەوە.

*مامۆستا سەر دەکەوێ.*

**سێ خوێندکار** سەربەرەوژوورییەکە منداڵەکەی خستۆیەتە هەناسەبڕکێ لە مامۆستا بپرسین چ بکەین.

**بێژەر** بپرسن، ئەرێ بپرسن.

**سێ خوێندکار** (روو لە مامۆستا) وەکوو سەرەوژوورەکە پشوی منداڵەکەی بڕیوە؟ چ بووە؟ دڵەودوای نیی؟

**مامۆستا** حالی باش نییە. سەربەرەژوورەکە ماندوی کردووە.

**سێ خوێندکار** کەوابوو دڵەودوای نیی.

*بێدەنگی درێژ*

**سێ خوێندکار** (لەگەڵ یەکتر دەدوێن) بیستتان؟ مامۆستا گوتی منداڵەکە مانووە بەڵام پێتان وانییە حاڵی ئاسایی نییە. لەولای داڵدەکەوە گوزەرێکی تەنگە. کەس ناتوانێ پێیدا بڕۆی مەگەر هەردوو دەستی بە تاشەبەردەکانەوە بگرێ. خودابکا منداڵەکە نەخۆش نەبێ. دەنا ئەگەر نەتوانێ بچێتە پێشەوە، دەبێ بەجێ بهێڵین و بڕۆین. بڕۆین لە مامۆستا بپرسین. (روو لە مامۆستا) هەر ئێشتا پرسیمان ئەو منداڵە چی بەسەر هاتووە، گوتت ماندوو بووە. بەڵام دەبینی حاڵی ئاسایی نییە، بڕوانە دانیشتووە.

**مامۆستا** دەبینم، نەخۆشە. کارێک بکەن لە گوزەرەکەوە دەربازی کەین.

سێ خوێندکارەکە هەوڵ دەدەن لە ڕێگا تەنگەبەرەکەوە ببیەن. گوزەرەکە جۆریک ساز دەکرێ کە ناکرێ دووکەس پێکەوە بڕۆن و بردنی منداڵەکە ئیمکانی نییە.

**سێ خوێندکار** بردنی منداڵەکە لەم گوزەرەوە ئەستەمە و ناکرێ. ناش کرێ لێرە لەگەڵی بمێنینەوە. هەرجۆنێک بووە دەبێ بڕوین. چوونکە هەموو خەڵکی شار چاوەڕوانی دەرمانێکن کە ئێمە لەدووی کەوتووین. چ ئاخرێکمان هێناوەتەوە. بەڵام ئەگەر منداڵەکە نەتوانێ لەگەڵمان بێ لێرە بەجێ دێڵین. هەر لەم کوێستانە.

**مامۆستا** ڕاستە. ڕەنگە دەبێ هەر وا بکەین. من ناتوانم دژ بم. بەڵام دابەکەی وایە کە دەبێ لە نەخۆشەکە بپرسین ئاخۆ لەبەر ئەو دەبێ بگەڕینەوە یان نە؟ دڵم بۆ ئەو منداڵە دەسووتێ. من دەچمە لای بە ئاگاداری تەواوە بۆ ئەو شتەی کە دەبێ روو بدا ئامادەی دەکەم.

**سێ خوێندکار** بەڵی، تکایە ئەمکارە بکە.

خوێندکارەکان بەرەوڕووی یەکتر دەوەستن.

**خوێندکارەکان** ئێستا دەبێ لێی بپرسن. ئاخۆ لەبەر ئەو دەبێ بە شوێنی خۆماندا بگەڕینەوە؟

**بێژەر** تەنانەت ئەگەر
ئەگەر ئەویش بیەوێ گەڕانەوە نییە.
هەر کەس لە ڕێدا پای خست.
تاقەتی رویشتنی لێبڕا
دەبێ بەجێ بهێڵدرێ

بۆ پێشەوە ڕۆیشتن

بۆ پێشەوە ڕۆیشتن

**مامۆستا** (هاتۆتە لای منداڵەکە) باش گوێم دەیە. چوونکە تۆ نەخۆشی و ناتوانی بۆ پێشەوە بڕۆی، دەبێ لێرە بەجێت بێڵین. بەڵام داب وایە کە دەبێ لە نەخۆش بپرسرێ کە ئاخۆ دەبێ لەبەر ئەو بگەڕێنەوە یا نە. و هەر ئەو دابە وایە کە نەخۆش وەڵام بداتەوە. نابێ بگەڕێنەوە.

**منداڵ** تێدەگەم.

**مامۆستا** دەتەوێ ئێمە لەبەر تۆ بگەڕێنەوە؟

**منداڵ** نە، گەڕانەوە نییە.

**مامۆستا** کەوابوو ڕازیت بەوە کە لێرە بەجێت بێڵین؟

**منداڵ** دەبێ بیری لێی بکەمەوە (تاوێک بێدەنگ دەبێ) ئەرێ. ڕازیم.

**مامۆستا** (بە دەنگی بەرز، ڕوو لە بەشی دووەمی شانۆ) لەبەرانبەر پێویست دا سەری دانەواند گوتی ئەرێ.

**بێژەر** (لەو کاتەدا کە سێ خوێندکار بەرەو بەشی یەکەمی شانۆکە دێن) گوتی "ئەرێ" بڕۆن بۆ پێشەوە.

سێ خوێندکار ڕادەوەستن.

**مامۆستا** ئێستا چی دیکە مەوەستن، بۆ پێشەوە چوونکە بڕیارتان داوە بەرەو پێشەوە بڕۆن.

خوێندکارەکان نابزوێن

**منداڵ** دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم. تکاتان لێ دەکەم لێرە بە تەنێ بەجێم مەهێڵن. فڕێم دەنە ئەو دۆڵەوە. لە بەتەنیا مردن دەترسێم.

**سێ خوێندکار** ئەم کارە نابێ، ناکرێ

**منداڵ** باشە بەڵام من تکاتان لێ دەکەم.

**مامۆستا** ئێوە بڕیارتان داوە کە بڕۆن و ئەوی لێرە بەجێ بێڵن. بڕیاردا لەسەر چارەنووسی ئەو ئاسانە بەڵام لەسەرشانی دانانەکەی دژوارە. ئایا ئامادە فڕی بدەنە دۆڵەکەوە؟

**سێ خوێندکار** بەڵێ.

خوێندکارەکان منداڵەکە دەبەنە بان بەرزایی بەشی دووەمی شانۆکە.

**سێ خوێندکار** سەرت لەسەر باڵی ئێمە دانێ.

بۆ خۆتت ڕەپ کردووە؟

ئاگامان لێتە.

منداڵەکە لە پشتەوەی خۆیان دادەنێن بە شێوەیەک کە دیار نییە.

**منداڵ** (کە نابیندرێ) دەمزانی ڕەنگە ئەم سەفەر بە نرخی گیانم تەواو بێ

بەڵام خەمێ دایکم،

ناردمیە سەفەر.

ئێستا جامەکەم لە دەست بستێنن

برۆن دەرمانێک پەیدا کەن
کاتێک گەڕانەوە
بیبەن بۆ دایکم.

**بێژەوە** ئەوسا هەواڵەکانی جامەکەیان لەدەست دەرێنا، دڵتەنگ لە دەوری زەمانە و یاسای زوێر و بێدادی خەمبار، منداڵەکەیان لە تاشەکەوە تلاندەوە. هەموو پێکەوە، شان بەشان، وەک یەک.

لەسەر هەڵدێرەکە لە خەم چاو بەسراو، منداڵیان بەرداوە.
نە تاوانی یەک لەو زیاتر
نە لەو کەمتر، هەموو وەک یەک
دوایە
بەدوویدا چەند بەردیان تلاند.

# ئەو کەسە کە گوتی نـە

## پەردەی یەکەم

**بێژەر** لە پێشدا دەبێ شێوەی هاورێیەتی بزانرێ
شێوەی یاری و رێگای هاودەنگی فێربوون
زۆرن لەم خەڵکە ئەرێ بێژە،
کە دڵیان بەتەمای رێگایەکی دیکەیە
زۆرن ئەو کەسانەی کە بە هیچ ناژمێردرێن
زۆرن ئەوانەی کە لە جێگایەک هاورێن،
کە نە جێ هاورێەتییە و نە هاودەنگی
هەر بۆیە،
لەپێشدا دەبێ شێوەی هاورێیەتی بزانرێ.

*مامۆستا لە ژووری یەکەمدایە و دایک و منداڵ لە ژووری دووەمدا.*

**مامۆستا** من مامۆستام. مەکتەبەکەم لەشارە. خوێندکارێکم هەیە کە بابی مردووە و جگە لە دایکی هیچ پشت و پەنایەکی لەم دونیادا نییە. بۆ دیتنی ئەوان هاتووم. هاتووم کە ماڵ ئاواییان لێی بکەم چوونکە دەبێ

هەرچی زووترە بەرەو کوێستان بڕۆم. شارەکەمان تووشی پەتایەک بووە و لە شارێکی ئەودیوی کێوەکاندا چەند دوکتوری گەورەو بڵند پایە هەن. (دەرکە لێدەدا) ئیزنم هەیە؟

**منداڵ** کیە؟ ئەها! مامۆستا بۆ دیتنمان هاتووە.

**مامۆستا** بۆ ماوەیێکە نایتە مەکتەب.

**منداڵ** نەمدەتوانی بێم. دایکم نەخۆشە.

**مامۆستا** نەمزانی بوو دایکت نەخۆشە. بڕۆ پێی بڵێ من هاتووم.

**منداڵ** (بە دەنگی بەرز روو لە ژووری دووهەم) دایە، مامۆستا هاتووە.

**دایک** (لە ژووری دووەمدایە) بڵێ فەرموو بابێتە ژوورێ.

**منداڵ** تکایە، فەرموونە ژوورێ.

*هەردووکیان دەچنە ژووری دووەمەوە*

**مامۆستا** ماوەیێکە نەمتوانیوە بێم سەرتان بدەم. کورەکەتان گوتی کە تووشی پەتاکە بوون. هیچ باشتر نەبووی؟

**دایک** دڵەودوای من مەبن، زۆر ناخاینێ.

**مامۆستا** لە بیستنی ئەم قسە شاد بووم، هاتووم کە ماڵ ئاواییتان لێ بکەم، بەم زووییانە بۆ سەفەرێکی پشکنین بەرەو کوێستان دەچم. لە شاری ئەودیو کێوەکاندا زانایانی گەورە و بەناوبانگ هەن.

**دایک** سەفەر بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنین، بە نێو کێوەکاندا! بەراست. منیش بیستوومە کە لەو شارەدا دوکتوری گەورە هەیە؛ بەڵام ئەوەشم گوێ لێ بووە کە ئەم سەفەر زۆر پرمەترسییە. راستی، راتان لێیە کوڕەکەی منیش لەگەڵ خۆتان ببەن؟

**مامۆستا** لەم جۆرە سەفەرانەدا کەس منداڵ لەگەڵ خۆی نابا.

**دایک** باشە، هیوادارم کارەکان بەباشی بڕوا.

**مامۆستا** ئیتر من دەبێ بڕۆم. ماڵ ئاوا.

*دەچێتە ژوورەکەی دیکەوە.*

**منداڵ** (بەدووی مامۆستادا هاتوەتە ژووری یەکەم) دەمەویست شتێک بڵێم.

*دایک لەپشت دەرکەوە گوێ دەدا*

**مامۆستا** بڵێ. چییە؟

**منداڵ** دەمەوێ لەگەڵتان بێم بۆ کوێستان.

**مامۆستا** هەر ئێستا بە دایکتم گوت کە ئەم سەفەر دژوار و مەترسیدارە. تۆ پێت ناکرێ بەپێ ئێمە بیی. ئەمەش هیچ، دایکە نەخۆشەکەت چۆن بەجێ دێڵی؟ نە! لێرە بمێنەوە. هاتنت ئەستەمە.

**منداڵ** چوونکە دایکم نەخۆشە دەمەوێ لەگەڵتان بێم. لەبەر ئەو. دەمەوێ بێم دوکتورەکەی ئەوبەر کێوەکان ببینم، رەنگە دواودەمانێک پەیدا بێت.

**مامۆستا** دەبێ دیسان لەگەڵ دایکت قسە بکەم.

*دەڕواتە ژووری دووەم. منداڵەکە لە پشت دەرکەوە گوێ دەدا.*

**مامۆستا** من گەڕامەوە بڵێم، کوڕەکەتان دەیەوێ لەگەڵ ئێمە بێت. پێم گوت ناکرێ ئەتۆ بەم حاڵەوە بەجێ بهێڵی. بەتایبەت سەفەرکە دژوار و مەترسیدارە. پێیم گوت هاتنت ئەستەمە. بەڵام دەڵێ "دەبێ بێم" لەبەر تۆ دێ بەڵکوو لەودیوی کێوەکانەوە دوایەکت بۆ پەیدا بکا.

**دایک** قسەکانیم گوێ لێ بوو. کاتێک دەڵی دەیەوێ لەم سەفەرە مەترسیدارەدا لەگەڵ ئێوە بێت، بەڕاستییەتی. وەرە ژووری کوڕم.

*منداڵ دێتە ژووری دووەمەوە*

**دایک** لە رۆژێکەوە کە بابت ئەم دنیای بەجێ هێشت
من جگە لەتۆ کەسم نییە،
هەموو کاتێک بیرم لەلای تۆە
قەت چاوم لێ هەڵ نەبڕیوی
تەنانەت ئەو کاتەی کە نەکراوە.
ئەو کاتەی کە دەبووا نانێکت بۆ پەیدا کەم.
جلەکانت بشۆم؛
ژیانت بەڕێوە ببەم.

**منداڵ** راستە دایە. بەسەر هەموو ئەمانەشدا، هیچ شتێک من لە بڕیارەکەم پاشەگەز ناکاتەوە

*منداڵ و دایک گۆرانی دەچڕن*

دەڕۆم (دەڕوا) بەڕێگایێکی پڕ لە مەترسی و سەیر (ئیشارە بەدایک) لەبەر تۆ **(دایک دەڵێ)** لەبەرمن **(مامۆستا )**لەبەر ئەو
بەرەو شارێک، لەولای کێوە بەرزەوە.
بەدووی دەرمان و دەستورێکدا

**بێژەر** هەردووکیان دیتیان کە بە هەر هۆیەک بوو
منداڵ هەر ئەوە بوو کە بوو
تاوێک لە رای خۆی نەگەڕاوە.
کەوابوو مامۆستا و دایک هاودەنگ گوتیان

*مامۆستاو دایک دەچڕن*

زۆرن ئەوانەی کە بە بێ زانین و هەڵسەنگاندن
بەبێ هۆ لەگەڵن.
بەڵام ئەم منداڵە چکۆلە

دەرمانی دەردی بە خەفەت نەکرد
هاورێ دەرد نەبوو
لەگەڵ دەواپەیجوران هاورێ بوو

**بێژەر** هێشتاش دایک ئاوای پێ دەڵێ:

**دایک** (دەچڕێ) گەرچی هێزێکم لەبەر نەماوە
بەڵام،
ئەگەر هەر دەتەوێ بڕۆی
وەرێ کەوە، بیری لێی مەکەوە.
بڕۆ، بەڵام بگەڕێوە.
زوو وەرەوە، دایکت چاوی لە دەرکەیە.

## پەرەی دوەم

**بێژەر** هەموو پیاوەکان بە لێبڕاوییەوە ڕێگای سەفەریان گرتە بەر.
بە ڕێگای لووتکەی کێودا
لەنێویاندا مامۆستا و منداڵەکەی ئێمەش
بەڵام منداڵەکە ڕەنجی سەفەری پێوە دیار بوو.
چاوە خەمگینەکانی دەیگوت:
دەبێ زوو بگەڕییەوە.
بەیانی زوو لە داوێنی کوێستانەکاندا
پا ماندووەکانی چیتر لە دووی نەڕۆی.

*مامۆستا و سێ خوێندکار و بەدوویاندا منداڵەکە کە جامێکی بەدەستەوەیە دێنە سەر شانۆ.*

**مامۆستا** سەربەرەوژوورێکی توند بوو. یەکەم داڵدە لەوێ دەبینن؟ لەوێ تاوێک دەوەستین.

**خوێندکارەکان** ئەگەر پێویست بێ.

*سێ کەسی لە بە سەر سەکۆیەک دەکەون کە لەسەر شانۆکە سازکراوە. منداڵ مامۆستا رادەگرێ.*

**منداڵ** دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم.

**مامۆستا** چ بووە؟

**منداڵ** حاڵم باش نییە.

**مامۆستا** بێدەنگ! کەسێک کە بۆ ئەم جۆرە سەفەرانە دێ نابێ لەم قسانە بکا. بە سەربەرەوژووری رانەهاتووی رەنگە نەفەس تەنگ بووبی. تاوێک لێرە دانیشە هەتا پشوت وەبەر بێتەوە.

*مامۆستا سەردەکەوێ.*

**سێ خوێندکار** سەربەرەوژوورییەکە منداڵەکەی خستویەتە هەناسەبڕکێ لە مامۆستا بپرسین چ بکەین.

**بێژەر** بپرسن، ئەرێ بپرسن.

**سێ خوێندکار** (روو لە مامۆستا) وەکوو سەرەوژوورەکە پشوی منداڵەکەی بڕیوە؟ چ بووە؟ دڵەودوای نیی؟

**مامۆستا** حالی باش نییە. سەربەرەژوورەکە ماندوی کردووە.

**سێ خوێندکار** کەوابوو دڵەودوای نیی.

*بێدەنگی درێژ*

**سێ خوێندکار** (لەگەڵ یەکتر دەدوێن) بیستتان؟ مامۆستا گوتی منداڵەکە مانووە بەڵام پێتان وانییە حاڵی ئاسایی نییە. لەولای داڵدەکەوە گوزەرێکی تەنگە. کەس ناتوانێ پێیدا برۆی مەگەر هەردوو دەستی بە تاشەبەردەکانەوە بگرێ. ئێمە ناتوانین کەسێکی دیکە لەگەڵ خۆمان ببەین. ئایا دەبێ لە داب و نەریتی پیرۆز پێرەوی بکەین و منداڵەکە فرێ بدەینە دۆڵەکەوە.

(هەردوو دەستیان بە دەور دەمیانەوە دەگرن و بەرەو بەشی یەکەمی شانۆ هاوار دەکەن.)

سەربەرژووری نەخۆشی کردووی؟

**مامۆستا** نە! دەبینن کە بەسەرپێیەوە راوەستاوم. پێتان وا نییە ئەگەر نەخۆش بام دادەنیشتم؟

*بێدەنگی. منداڵەکە دادەنیشێ.*

**سێ خوێندکار** برۆین لە ماۆستا بپرسین. مامۆستا! ئێستاکە لەتۆمان پرسی کە منداڵەکە چییەتی، گوتت "ئاساییە، سەربەرەوژوورەکە ماندووی کردووە" بەڵام دەبینین حاڵی باش نییە. بڕوانە: دانیشتووە. چ ئاخرێکمان هێناوەتەوە. ئەوەش هەیە کە پێشتر لە کاتی کۆندا "داب و نەریتێکی پیرۆز" هەبووە کە دیکوت ئەگەر کەسێک نەتوانێ لە ڕێگا بەردەوام بێ، فڕێدەدەنە نێو دۆڵەوە.

**مامۆستا** چی؟ دەتانەوێ ئەو منداڵە فڕێ دەنە نێو دۆڵەکەوە؟

**سێ خوێندکار** بەڵێ، وامان خەیاڵە.

دابێکی پیرۆزە و من ناتوانم دژ بم. بەڵام دابە پیرۆزەکە دەڵێ کە دەبێ لە نەخۆشەکە بپرسین ئاخۆ لەبەر ئەو دەبێ بگەڕێنەوە یان نە؟ جەرگم بۆ ئەو منداڵە دەسووتێ. من دەچمە لای بە ئاگاداری تەواوە سەبارە بەو دابە پیرۆزە قسەی بۆ دەکەم.

**سێ خوێندکار** بەڵی، ئەمکارە بکە.

*خوێندکارەکان بەرەورووی یەکتر دەوەستن.*

**خوێندکارەکان و بێژەر** ئێستا دەبێ لێی بپرسن. ئاخۆ لەبەر ئەو دەبێ بە شوێنی خۆماندا بگەڕێنەوە؟ تەنانەت ئەگەر

ئەگەر ئەویش بیەوێ گەڕانەوە نییە.

هەر ئێستا دەخرێتە خوارەوە.

**مامۆستا** (هاتۆتە لای منداڵەکە) باش گوێم دەیە. لە کاتی کۆندا یاسایەک هەبووە کە دەیگوت هەرکەس لە سەفەرێکی ئاوەهادا نەخۆش کەوێ دەبێ فڕێ بدەنە دۆڵێکەوە. دیارە مەرگ بێ ئەملا و ئەو لایە. بەڵام هەر ئەم دابە دەڵێ کە دەبێ لە نەخۆش بپرسرێ کە ئاخۆ دەبێ لەبەر ئەو بگەڕێنەوە یا نە. و هەر ئەو دابە وایە کە نەخۆش وەڵام بداتەوە. نە نابێ بگەڕێنەوە. من بە خۆشییەوە ئامادەم لەباتی تۆ بمرم.

**منداڵ** تێدەگەم.

**مامۆستا** دەتەوێ ئێمە لەبەر تۆ بگەڕێنەوە؟

**منداڵ** نە، گەڕانەوە نییە.

**مامۆستا** کەوابوو دەتەوێ لەبەر تۆ بگەڕێنەوە؟ یان رازیت بە پێی ئەو دابە پیرۆزە فڕێ بدریتە هەڵدێرەوە؟

*بێدەنگی، منداڵ بیری لێدەکاتەوە.*

**منداڵ** نە رازی نیم.

**مامۆستا** (بە دەنگی بەرز، روو لە بەشی دووەمی شانۆ) خۆی نەدا بەدەست داب و نەریتەوە گوتی نە.

**سێ خوێندکار** گوتی "نە!" (روو لە منداڵەکە.) بۆ ناتەوێ داب و نەریتی پێرەوی بکەی؟ هەرکەس هەنگاوی یەکەمی هاویشت، دەبێ هەنگاوی دووەمیش هەڵێنێتەوە. ئەی بۆ- کاتێک لە پێشدا لێتیان پرسی ئایا هەموو مەرجەکانی سەفەرێکی وەها قبوڵ دەکەی؟- گوتت ئەرێ؟

**منداڵ** وەڵامی من تەواو نەبوو. بەڵام پرسیاری ئێوەش بەجێیە. هەرکەس هەنگاوی یەکەم هەڵدێنێ، پێویست نییە هەنگاوی دووەمیش هەڵێنێ. رەنگە هەنگاوی یەکەم هەڵە بووبێ. من دەمەویست دەرمانێک بۆ دایکم پەیدا بکەم. بەڵام خۆشم نەخۆش کەوتم. کەوابوو دەرمان پەیدا کردنم پێی ناکرێ. بۆیە هەر ئێستا دەگەڕێمەوە. تکاشم لە ئێوە ئەوەیە بمبەنەوە ماڵی خۆمان. پشکنینەکانی ئێوە رەنگە زۆری پێ بچێ. و ئەگەر شتێک فێر بوون – کە هیوادارم فێر بن- رەنگە شتێک لەمە زیاتر نەبێ کە لە هەلومەرجێکی ئاوادا دەبێ بگەڕێنەوە. سەبارەت بە داب و نەریتی پیرۆزیش، من بچووکترین عەقڵی تێدا نابینم. ئەوەی ئێمە پێویستمانە داب و نەریتێکی تازەیە کە هەر ئێستا خەریکین دایدەنین. نەریتی ئەوە کە لە هەلومەرجی تازەدا دەبێ بیرێکی تازە بکرێتەوە.

**سێ خوێندکار** (روو لە مامۆستا) چ بکەین؟ ئەم قسە ئەم منداڵە دەیکا ئەگەر پاڵەوانانە نەبێ لانی کەم ژیرانەیە.

**مامۆستا** ڕا بە بەدەست ئێوەیە چ بکەن. ئێوە دەبێ بڕیار بدەن. بەڵام یەک شتتان لەبیر نەچێ. ئەگەر گەڕانەوە گاڵتەتان پێ دەکرێ و شەرم دەتانگرێ.

**سێ خوێندکار** ئایا قسەی منداڵ بە قازانجی خۆی شەرم هێنەرە؟

**مامۆستا** نە من شەرمێکی تێدا نابینم.

**سێ خوێندکار** کەوابوو ئێمەش دەگەڕێنەوە. چ گاڵتە و شەرمێ ناتوانێ پێشی کارێک کە بەپێ عەقڵ کردوومانە، بگرێ. دابی کۆنیش ناتوانێ لەم بیرە تازە - بەشەرتێک دروست بێ- پێشگیری بکا. دەمانەوێ ئەم بیرە تازەیە بخەینە کایەوە. سەرت لە سەر باڵمان دانێ. بۆ خۆت رەپ کردووە؟ ئاگامان لێتە.

**بێژەر** بەم شێوە بوو. هاورێیەکان لەگەڵ دۆستێکدا گەڕانەوە و نەریتێکی نوێیان دانا

و یاسایێکی دیکەیان هێنایە پێشەوە.
و منداڵەکەیان بردەوە ماڵی خۆی.
هەموو پێکەوە، شان بەشان، وەک یەک.
چاویان لە گاڵتە و شەرمەزارکردنی خەڵک داخست.
هەموو یەکدەنگ، دڵ قورس، هاوڕێ هاو دڵ، وەکوو یەک.

**وەرگێڕان لە فارسییەوە**
**تەیفور بەهاری 2009**